کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
هەولێر، عێراق

بلاوکراوەی راگەیاندن
2013-1-22
هەولێر
بلاکردنەوەی دەستبەجێ

کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو سەنتەری ئاڤدان ڕێز لەگروپی دوەمی دەرچوانی پرۆگرامی ئەکسێسی ئینگلیزی دەگرن لەدهۆک

کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو سەنتەری ئاڤدان ئاهەنگی دەرچونی 20 قوتابی دهۆکیان لەپرۆگرامی ئەکسێسی زمانی ئینگلیزی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا گێڕا لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 22ی کانونی دوەمی 2013. ئەمە یەکەم گروپی قوتابیانی پۆگرامی ئەکسێسن کە لەسەنتەری ئاڤدان لەدهۆک دەردەچن. لە کانونی یەکەمی2010ەوە زیاتر لە 100 قوتابی بەشداریان کردوە لە پرۆگرامی ئەکسێس بەوانەشەوە کەوا ئێستا لەناوپرۆگرامەکەدان. سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک دکتۆر فازیل عومەرو هەڵسوڕێنەری کاروباری گشتی لە کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا ئەرلیسا رۆینالدس ڕێزیان لەقوتابیەکان گرت بۆ تەواوکردنی پرۆگرامی دووساڵ ڕاهێنانی زمانی ئینگلیزی بەسەرکەوتویی. بەهەمان شێوە نوێنەرانی تری کونسوڵخانەی ئەمریکا لەهەولێر, خانەوادەو هاوڕێیانی قوتابیەکان ڕێزیان لە سەرکەوتنەکانیان گرت.

لەکاتی قسەکردن بۆ ئامادەبوان لە ڕێوڕسمی دەرچونەکەدا کارمەندی کاروباری گشتی ئەرلیسا رۆینالدس گوتی' کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لەهەولێر شەرەفمەندە بەوەی کەوا کۆمەکی پرۆگرامی ئەکسێسی کردوە لەگەڵ سەنتەری ئاڤدان لەماوەی دوو ساڵی ڕابردودا لە دهۆک. ئەمە ئەرکێکی ئەمریکایە لە عێراق بۆ یەکێ لە پرۆگرامە کەلتوری و خوێندنە هەرە پێشکەوتوەکان. لەماوەی پرۆگرامەکە, ئێمە وەبەرهێنانێکی گرنگمان لە داهاتوی خەڵکی دهۆک کرد, وە بەتایبەتی لە گەنجانی داهاتوی دهۆک'

گروپی 2013 دوەمین دەچوانی پرۆگرامی ئەکسێسە لەدهۆک کە نیشاندەری پابەندی ئەمریکایە بۆ هاندان و بەهێزکردنی گەنجانی عێراق لەسەرانسەری ولاتدا.

پرۆگرامی زەمالەی(خوێندنی بە خۆڕایی) ئەکسێس بناغەی زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابیانی لێهاتو وکەم دەرفەت دەڕەخسێنێت. پرۆگرامەکە لێهاتویی وزمانی ئینگلیزی دەبەخشێتە بەشداربوان کەوا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی کاروخوێندنی باشتر. بەشداربوان هەروەها توانای کێبرکێ بۆ بەرنامەی ئاڵوگۆرو خوێندن لەئەمریکا لەداهاتودا بەدەست دێنن.پرۆگرامی ئەکسێس لەلایەن نوسینگەی خوێندن وکەلتوری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە , وەلەڕێگەی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێرو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدادەوە کۆمەک دەکرێت. زەمالەکە بۆ قوتابیانی شایستەی ئامادەیی دهۆکە لە هەمو کۆمەڵگاو بڕواکان لەسەرانسەری پارێزگای دهۆک. پرۆگرامەکە هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات ڕۆحی تێکەلاوبونی کۆمەڵگا دروست بکات و توانای سەرکردایەتی گەشەپێبدات لەنێوان بەشداربوەکاندا.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە نوسینگەی ڕاگەیاندنی کونسولخانەی گشتی ئەمریکاوە بکەن لە ڕێی07704431653

###

UNCLASSIFIED